ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

PowerPoint - بەشی چوارەم و کۆتایی.

نووسەر: Kameran Sorani
@: Kameran.Sorany@Gmail.Com

چۆنیەتی کارکردن لە سەر ( Powerpoint )و دواتر دروست کردنی ( Screensaver ).
بەشی چوارەم و کۆتایی.
زۆر کەس وا هەست ئەکەن کە (Screensaver) تەنها بۆ جوانییە . بەڵام لە ڕاستیدا کاری سەرەکی بریتییە لە پارا ستنی شاشەی کۆمپیوتەرەکەت و درێژکردنەوەی تەمەنی هەروەک بە ناوەکەیدا دیارە چونکە مانەوەی شاشە بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەر ڕەنگێکی دیاریکراو ئەبێتە هۆی تێکچوونی شاشەکە.
کەم نین ئەو کەسانەی کە ئارەزووی ئەوە ئەکەن کە (Screensaver) بە دەستی خۆیان دروست بکەن لەو وێنانەی کە هەیانە . ئەمە کارێکی گران نییە و بە بەرنامەی (Powerpoint screensaver maker) ئەنجام ئەدرێت.
ئەتوانیت بەرنامەکە لەم بەستەرە دابگریت.
پاش داگرتن و جێگیرکردنی بەرنامەکە لە کۆمپیوتەرەکەتدا لە (Start)ەوە بچۆ (All programs) و دواتر بەرنامەکە هەڵبژێرە.
پەنجەرەیەکی بەم چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە.




کرتە بکە لە دوگمەی(PowerPoint) ئەم پەنجەرەیەت بۆ ئەکرێتەوە.




کرتە بکە لە دوگمەی(Add) و فایلێکی (Powerpoint) هەڵبژێرە کە پێشتر دروستت کردووە.
کرتە بکە لە دوگمەی(Sound) ودواتر(Add) و فایلێکی دەنگ هەڵبژێرە کە خۆت بە دڵتە.
دواتر کرتە بکە لە (Output) ئەم پەنجەرەیەت بۆ ئەکرێتەوە.




کرتە بکە لە (Build screensaver) بۆ دروست کردنی (Screensaver) و لە شوێنێکی کۆمپیوتەرەکەتدا تۆماری بکە.
کرتە بکە لە (Preview) بۆ بینینی کارەکەت.
کۆتایی.
بەشەکانی دیکەی ئەم بابەتە: بەشی یەکەم، بەشی دووەم، بەشی سێیەم.

Nov 2005 03

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبليغات در اين سايت